www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6:57 2006-10-7

# ژیانێکی ئەفریکی.. باجێکی ئەمریکی ... ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail. com



ئەوەی راستی بێت تا هەفتەیەك لەمەوبەر گەڕەکی (کانی سپیکە) م نەدیبوو، بەڵکو هەر نەشمدەزانی کەوتۆتە کوێی شاری سلێمانییەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا بۆ بەشداریی کردن لەپرسەی باوکی هاوڕێیەکم ویستم بچم بۆ ئەو گەڕەکە، پاش نیوەڕۆیەکی گەرم بوو دەستم لەتاکسییەکی لەم سەنییە تازانە راگرت هەرکە گوتم کاکە بمبە بۆ گەڕەکی کانی سپیکە، لەوەڵامدا وتی بەداخەوە کارم هەیە ناتوانم بچم بۆ ئەوێ..

بۆ جاری دووەم تاکسییەکی ترم راوەستاندو گوتم برای خۆم تا کانی سپیکەم بگەیەنە لەوەڵامدا گوتی مامۆستا گیان بەخوا رێگاکەی ناخۆشەو داوای لێبوردن دەکەم.

هەرچۆنێك بوو بەناچاری بەرەو شوێنی وەستانی پاسەکانی ئەو گەڕەکە بەرێکەوتم و سواری پاسێکی کۆستەر بووم و ملی رێگەمان بەرەو ئەو گەڕەکە گرتە بەر.

من لەبەر هیلاکی خۆم و گەرمای نیوەڕۆ خەیاڵم چووبووە دەرەوەی ئەو قسانەی کەنەفەرەکان لەناو خۆیاندا دەیانکرد، بەڵام لەناکاو دەنگێکی زۆر بڵند بەئاگای هێنامەوە، ئەویش دەنگی پیاوێکی ریش و سمێڵ ماش و برنجی بوو، شەش تا حەوت جار وتی توخوا کەی ئەمە ژیانە؟ کەی ئەمە حکومەتە هەمانە؟

تۆ سەیر بکە (ژیانەکەمان ئەفریقییەو زەریبەکەشمان ئەمریکی) قسەکەی ئەم پیاوە چەندێك بەساکاریی و ئاسایی دەربڕی بەڵام پڕاوپڕە لەمەغزاو مانای جۆراوجۆر هەر ئەمەش وایکرد پەلکێشم بکات بەلای خۆیداو بمخاتە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە بەشێوەیەکی قوڵ کەوتمە بیرکردنەوە لەو قسەیەو بەخەیاڵدا دەهات کەچلۆن دەسەڵاتداران و لێپرسراوان بەویست و ئارەزووی خۆیان گاڵتە بەمە شاعیری خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەن، کاتێك خەڵك داوای ریفۆرمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و باشکردنی ژیان و ئاستی بژێویی دەکەن، دەسەڵاتداران دەڵێن وڵاتەکەی ئێمە وڵاتێکی فیوداڵی و دواکەوتووەو زۆری ماوە بگاتە ئەوروپا (ئێمە سەدەیەك لەدوای ئەوروپا وەین) بەڵام کاتێك قسە دێتە سەر فۆرمی باج وەك ئەوروپا لێی دەخوڕن و بەڵکە لەمەیاندا سەدەیەك لەپێش ئەوروپاوەین، بیرم لەوە دەکردەوە کەچلۆن بەرپرسە بەناو سیاسییەکانی ئەم وڵاتە قوتی ئەم میللەتەو پارووی دەمی خەڵکی دەدزن و ئەو خەڵکەش کەسەدان ساڵە زەحمەتدەکێشن رۆژ لەدوای رۆژ لەڕو لاوازتر دەبن، بیرم لەوە دەکردەوە کەچلۆن خاوەنی فایلە رەشەکان و کۆنە بەعسی و جاشەکانی دوێنێ لەسایەی خوێنی شەهیداندا کەیف و سەما دەکەن و ئای لایف – دەژین و خێزان و منداڵانی شەهیدانیش چەند بەهەژاری دەژین و دەستفرۆشی و کرێکاریی و هەژاریی و بێ دەرەتانی بۆتە چارەنووسیان.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەو هەڤاڵە بەرپرسانەی کەتا رۆژێك بەر لەراپەڕینی ئازار موحتاجی سیگارێك و چارەکە دینارێکی عێراقی بوون، ئەمڕۆ چلۆن بوونەتە خاوەنی سەرمایەو کۆمپانیای زەبەلاح، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو برا بەڕێوەبەرانەی کەتا دوێنێ دەرۆزەی کیلۆیەك شەکریان دەکردو هەژاری لەتە نانێك بوون، ئەمڕۆ چلۆن بوونەتە خاوەنی ئاپارتمانی باڵا بەرزو چەند بەفیزەوە ئاوی دڵۆپێنراو دەخۆنەوە.

لەبیری ئەوەدا بووم ئەم نیمچە حکومەتە بەچ شێوەیەکی ترسناك دەستی خستۆتە بینە قاقای خەڵکی داماوو بەشمەینەت و ژیانیان لێ تاڵکردوون و ناچاریان کردوون بەکولەمەرگی بژین تا سەر دەنێتەوە.

لەم بیر کردنەوەیە بەردەوام بووم کەجابی پاسەکە بەدەنگێکی بەرز هاواری کردو وتی مامۆستا دانابازی بەس تۆی تیا ماوی؟ تەواو ئێرە ئاخێر مەوقیفە، بەم جۆرە بەمقەستێك دەزوولەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی بچڕاندم، بەڵام هەرکە لەپاسەکە دابەزیم و چاوێکم گێڕاو سەیری گەڕەکەکەم کرد سەرم سوڕما لەوەی ئەمە چ جۆرە گەڕەکێکەو چ جۆرە مرۆڤێکانی تێدا دەژی؟ ئەوجا زۆر بەواقیعی قسەکەی ئەو پیاوەم لەو گەڕەکەدا بەید کردو زانیم لەچ ژانێکەوە ئەو قسەیەی بەڕووماندا تەقاندەوە، کاتێکیش بەکۆڵانەکاندا ڕێم دەکرد هەستم دەکرد بەکەناری دۆزەخدا ڕێدەکەم هەربۆیە ناوێکی نوێ هات بەهۆشمدا بۆ ئەو گەڕەکە ئەویش (مەملەکەتێك لەکەناری دۆزەخدا) لەبری کانی سپیکە. ئاخر ئەو پیاوەش ناهەقی نەبوو بڵێ ئێمە ژیانێکی ئەفریکییانە دەگوزەرێنین، چونکێ ئەو گەڕەکە نەئاوی هەبوو نەرێگاویان نەسیمایەکی شارستانی تیا بەدەیدەکرا، ئەو گەڕەکە بێ بەشە لەخزمەتگوزاتریی و یاریگاو باخچەو یانەی لاوان و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانەو ئاپارتمانی جوان و ئەندازەیی، سیمای ئەو گەڕەکە هەژاریی و کلۆڵی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی ئەم شارەی کردۆتە شتێکی بەڵگەنەویست. کەواتە بەرپرسەکانی وڵاتی ئێمە تکایە ژیان و گوزەرانی خەڵك باش بکەن ئنجا باجەکان زیاد بکەن، لەدوا خاڵیشدا رووی دەممان دەکەینە لایەنە بەر پرسەکان و حکومەتی هەرێم و بەتکاوە دەڵێین، بەڵێ بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران و باجێکی بەویژدان.

Shamzini79@hotmail. com